# زانینی نیشانەکانی توندوتیژی خێزانی

**ئەوەی پێی دەووترێت 'توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف** لەوانەیە وەك...

- کە پێت بڵێن شەرمەزاری بۆ کولتوورەکەت یان خێزانەکەت دەهێنێت

**سووکایەتی پێکردنی ئابووری** لەوانەیە وەك...

- کۆنترۆڵکردن یان ڕاگرتنی دەستگەیشتن بە پارە لەلایەن کەسێکەوە بێت
- ڕاگرتن یان ڕێگریکردن لە دەستگەیشتن بە شتە سەرەکییەکانی وەك خۆراك یان بەرهەمەکانی پاکوخاوێنی بێت
- ڕێگەنەدان بە کەسێك کار بکات یان داوای بەنەفێتەکان بکات
- نووسینی ئەوەی کە کەسێك چەند خەرج دەکات یان بە چی خەرجی دەکات
- کۆنترۆڵکردنی دارایی و سەروەت و سامانی کەسیی کەسێکی تر بێت

**توندوتیژی جەستەیی** لەوانەیە وەك...

- لێدان، گازگرتن، شەق لێدان، ڕاکێشانی قژ، سووتاندن، خنکاندن، یان هەر جۆرە ترساندنێك یان توندوتیژییەکی تر

**کۆیلایەتی مۆدێرن و ئیستغلالکردن** لەوانەیە وەك...

- ناچارکردن یان فشارکردن بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری یان کار بێت

**کۆنترۆڵی زۆرەملێ** لەوانەیە وەك ...

- بەکارهێنانی تاکتیکی جۆراوجۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکیی و ڕۆتینەکانی ڕۆژانەی کەسێك (بۆ نموونە، چی دەکات، چی دەڵێت، چی خەرج دەکات، بۆ کوێ دەڕوات یان لەگەڵ کێ پەیوەندی دەکات)، یان توانای بەجێهێشتنی پەیوەندییەکە
- کۆنترۆڵکردنی دۆخی پەنابەرییان بێت بە لەناوبردنی بەڵگەنامەکان، ڕێگەنەدان بە داوای ئامۆژگاری پەنابەری، یان هەڕەشەکردن لە دیپۆرتکردنەوەیان واتا ناردنەوەیان

**کۆنترۆڵکردنی زۆرەملێ بنەمای زۆربەی جۆرەکانی تری توندوتیژی و سووکایەتیکردنە.**

**ئازاردانی دەروونی یان سۆزداری** لەوانەیە وەك...

- سوکایەتی، تۆمەت یان هەڕەشە
- دەستکاری دەروونی یان بێزارکردن
- تاوانبارکردنی کەسێك بۆ هەڵەکردنی شتەکان، یان وابکات هەست بە بارگرانی یان شکستخواردوو بکات
- دەستکاریکردن، ئازاردان، سەرلێشێواندن یان ترساندنی کەسێك، یان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و کردارەکانی
- لەناوبردنی کەلوپەلی کەسێك
- ناچارکردنیان بۆ هاوسەرگیری بە پێچەوانەی ویستی خۆیان

**دەستدرێژی سێکسی** لەوانەیە وەك...

- بەکارهێنانی هێز، هەڕەشە یان ترساندن بێت بۆ ئەوەی کەسێك کردەوەی سێکسی ئەنجام بدات
- سێکسکردن لەگەڵ کەسێکدا دەربکەوێت کاتێك کە ئەو نایەوێت بیکات
- ناچارکردنی کەسێك بێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی لەگەڵ کەسانی تر
- کۆمێنتی سێکسی نەخوازراو یان ڕیسواکردن بێت
- کۆنترۆڵی زاوزێ بێت لەوانە ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی ڕێگریکردن لە دووگیانی، فشارخستنە سەر کەسێك بۆ دووگیانبوون یان ناچارکردنی لەباربردن
- هەر مامەڵەیەکی تری ڕیسواکەر بێت کە پەیوەندی بە سێکسییەتەکەتەوە هەبێت، هاوبەشکردن یان هەڕەشەکردن بۆ هاوبەشکردنی وێنەی سێکسی کەسێك

## ئەگەر تۆ یان کەسێك کە دەیناسیت تووشی توندوتیژی خێزانی بوویت...

---

## پەیوەندی بکەن بە ناوەندی پشتگیری توندوتیژی خێزانی بیکۆن Beacon (DASH) لەلایەن هارتفۆردشایر بیکۆنەوە بەڕێوەدەبرێت

## 03000020008 (ڕۆژانی دووشەمە-هەینی، کاتژمێر 09:00-17:00)

ناوەندی پشتگیری توندوتیژی خێزانی بۆ هەر کەسێکە کە لە هارتفۆردشایر تووشی توندوتیژی خێزانی دەبێت یان تووشی بووە. ئەوە تۆ دەبەستێتەوە بەو پشتگیرییەی کە پێویستیت پێیانە لە ناوچەکەی خۆت.

کاتێك پەیوەندی بەو ژمارەیەی سەرەوە دەکەیت، ئەندامێکی تیمی هارتفۆردشایر بیکۆن لەگەڵت قسە دەکات دەربارەی دۆخ و پێویستیەکانتان، و ڕاستەوخۆ ڕەوانەتان دەکات بۆ باشترین خزمەتگوزاری.

www.hertssunflower.org

ئەم ڕێگایانەی ڕەوانەکردن بۆ بزنسەکانی ناوچەکە و خەڵکە. کارمەندانی پیشەیی پێویستە
مۆدێلی هەڵسەنگاندنی مەترسی توندوتیژی خێزانی، داوێنپیسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای 'شەرەف' DASH بەکاربهێنن و بەپێی مەترسی ڕەوانەی بکەن.